هێزەکانی عێراق لە باکووری سەلاحەدین گورزی کوشندە لێتێرەدەدن



فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق ئەمڕۆ هێرشی ئاسمانییان ئەنجامدا و پێگەکانی داعشیان کردە ئامانج لە ناوچەی مەسەحە لە قەزای بەجی لە باکووری پارێزگای سەلاحەدین.

سەرچاوەیەکی ئاماژەی بۆشکرد، "ئێپڕاسیۆنەکە لەسەر بنەمای زانیاریی هەواگریی وردەکان ئەنجامدراوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ شانەی ئامانجکردنی فەرماندەیی ئێپڕاسیۆنە هاوبەشەکان، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ پاراستنی بەجی و بەدواداچوون بۆ پاشماوەکانی داعش لە ناوچەکانی دەوروبەری".

شایەنی باسە داعش لە مانگی ئایاری 2014 دەستی بەسەر قەزای بەجیدا گرت کە شوێنی گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی عێراقە، پێش ئەوەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە ئازاد بکرێت لە شەڕە تووندەکاندا کە زیاتر لە ساڵێک بەردەوام بوو.